شـــیکارییەکانی پێـــش هاوســـەرگیری و ڕێگـــری کـردن لـە بـــەردەم دروستـکردنی

ئا/ نیاز ئومەر

د. عەبدولســـەتار جـــەبار: "شـــیکاریەکانی هاوســـەرگیری ڕێگەچارەیەکـە بـۆ چـاککردنی وەچەخســـتنەوەو کەمکردنـــەوەی هەندێك لـە نەخۆشی وەك شەکرەو پەرکەمو نەخۆشیەکانی دڵو هیتر".

ســـەبارەت بـــە گرنگـــی پشکنینەکانی پێش هاوسەرگیری، د. عەبدولســـەتاری پســـپۆری تەندروستی کۆمەڵگە، ئاماژەی بە کردنـەوەی کلینکێکـی پسـپۆڕی هاوسەرگیری کرد، کە تایبەتە بە پشکنینەکانی پێش هاوسەرگیری لـە سـلێمانی تیایـدا پشـکنینی پێویست بـۆ نەخۆشیە درمەکانو ئەوانـەی بـە هـۆی سێکسـەوە دەگوزرێنـەوە، هـەروەها پشـکنینی جـۆری خـوێنو هەنـدێ نەخۆشـی بۆمـاوەیی وەك تالاسـیمیا بـۆ ئـەو دوانانەی کە بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن ئەنجام دەدرێت.

د. ئـازاد حەسـەنی بەرێوەبـەری کلینکەکـە پـێی وایـە بـارودۆخی ئـەمڕۆی کوردسـتان دەخوازێـت پشـکنین بـۆ دەرخسـتنی نەخۆشـی تالاسیمیا بکرێتو پێشبینیش دەکات لـە داهـاتوودا چەنـد پشـکنینێکی زیـاتر بچێتـە نـاو لیسـتی ئـەو پشـکنینانەوە کـە بـۆ هاوسـەرگیری نـوێ ئـەنجام دەدرێت، ئـەو دەڵێت " کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەسەر هـەموو جیهانـدا دەخوازێـت لـە ئایینـدەدا شـیکاری HIVبـۆ دەرخسـتنی نەخۆشـی ئێـدزو جگـە لـەوە شـیکاری سـۆکردنی جگـەر بخرێتـە نێـو ئـەم پرۆگرامـەوە". کردنەوەی ئەم بەشەو کاراکردنیشی دەگێڕێنێتەوە بۆ زیـادبوونی ڕێژەی نەخۆشـی تالاسـیمیا لـە هـەرێمی کوردسـتان. بـۆ ڕێگـرتن لـە نەخۆشـیەکەش لـە ڕێـی چەنـد شـیکاریەکی خـوێنو هیمۆگلۆبیـن بـۆ دەستنیشـانکردنی هـەبوونی سیفاتی بۆماوەیی نەخۆشیەکەیە لە خوێـنی کـوڕو کچەکـەداو پێـش چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە ئەنجام دەدرێت. هەروەها دڵێت "ئـەم پشـکنینانە لـە هـەموو جیهانـدا بـە پـێی جیـاوازی شـوێنو توانـای مـادیو زانسـتی لـە وڵاتێکـەوە بـۆ ئەوی تر جیاوازەو تا ئـەم توانایانـە زیاتر بێت دەتوانرێت پشکنینەکانی پێش هاوسەرگیری زیاتر بکرێت".

د. ئـازاد باسـی لـە شـێوازی بەڕێوەچوونی پشکنینەکان کرد کە یەکەی باری کەسی لـە دادگـای سـلێمانی، هاوسـەرە نوێکـان ئاراسـتەی کلینکەکـەی ئـەمان دەکاتو دوای پێدانی نامیلکەیـەك سـەبارەت بـە پشـکنینەکانو هۆکارەکـانی ئەنجامـدانیان، پشـکنینەکانیان بۆدەکرێـتو گـەر دەرئـەنجامێکی پۆزەتیڤیـان هـەبوو ئـەوا لەلایـەن پسـۆری شـارەزاوە ڕێنمـایی دەکـرێنو دواتـر ڕاپـۆرتێکیش بـە دەرئەنجامەکـەیان ڕەوانـەی دداگـا دەکرێتـەوە، وابڕیاریشـە چەنـد ڕیپۆرتاجێـك سـەبارەت بـە نەخۆشـیە درمـەکانو کێشـەی ئـەو دایـكو خێزانانـەی کە منـداڵی نەخۆشـی تالاسـیمیایان هەیە بە دەنگ وێنە پیشانی ئـەو هاوسـەرە نوێیانـە بـدرێت کـە چاوەڕوانی ئەنجامدانو دەرئەنجامی پشکنینەکانیان دەکەن.

قیـانو ئەحمـەد بـە مەبسـتی پشـکنینەکان هاتبوونـە کلینکەکـە، هەروەك خۆیان ئاماژیان پێدا هیچ زانیاریـەکیان سـەبارەت بـەم پشکنینانە نیە، دواتر ئەحمەد ڕای وابـوو "ئـەم هاوسـەرگیریە هـەر ئـەنجام دەدەم گـەر بشـزانم منـداڵی لەو جۆرە دەخەمەوە".

مەعسـومە کـەریم لـە قاوشـی بەشی تالاسیمیا لـە نەخۆشخانەی گشـتی بـە دیـار کچـە ١٦ ساڵەکەیەوە کەوتبوو کە لـە حەوت مانگیەوە ئـەم نەخۆشـیەی لەگەڵدا بـووەو مـانگی جارێـك تـا دوو جـار خوێـنی تێـدەکرێت، نـاوبراو بەسەرهاتی ئـەو کاتـەی دەگێڕایـەوە کـە بوتڵێـك خوێـنی بـە ١٥٠٠ دیناری سویسری کڕیوە تا بیکەنە کچەکەیەوەو وتی "تا بتوانام خوێنی بۆ پەیدا دەکەمو بۆی دەکڕم گەر نەشـمبوو خوێـنی چـاومی بـۆ دەردەهێنمو دەیدەمێ".

د. ئـازاد ئامـاژەی بـەوەدا تـا ئێسـتا لـە کـۆی ١٨٩٤ حاڵـەتی هاوسـەرگیری تـەنها ٩ حاڵـەتیان تالاسیمیای مێجەر، واتە لە جۆرە خراپەکەی کە سیفاتی بۆماوەیی نەخۆشـی تالاسـیمیا لـە هەردوکیاندایە، کە بێگومان دەبێتە هۆی خستنەوەی چەند منداڵێکی نەخۆش بە تالاسیمیا. ئەگەرچی ڕاپۆرتی ئـەم ٩ حاڵەتە ئاراستەی دادگا کراوەتەوە بەڵام وەك د. ئازاد دەڵێت "هیچ بڕیارو یاسایەك نیە لە دادگـاش بـۆ ڕێگـرتن لـەو جـۆرە هاوسـەرگیریانە". بـەڵام کـەمال ڕەشیدی دادوەر لـە یەکـەی بـاری کەسـێتی لـە دادگـای سلێمانی کە ئـەنجامی هـەموو ڕاپۆرتـەکان دەچێتەوە بەردەستی، بەپێچەوانـەی ئـەو دەڵێـت " تـا ئێسـتا هیـچ ڕاپۆرتێکی لـەو جۆرەمـان ئاراسـتە نـەکراوە کـە تێیـدا ئامـاژە بـە ناتەندروستی یـەکێك یـان هـەردو هاوسەرەکە بدات، گەر لە ئایندەشدا هـەبێت بـە پـێی یاسـا دەتوانیـن ڕگربین لەو گرێبەندە". بۆ ئەمـەش پشتدەبەسترێت بـە مـادەی شەشـی ژمـارە ١٨٨ ی سـاڵی ١٩٥٩ لـە مەرجـەکانی هاوسـەرگیری لـە یاسای باری کەسی عێراقی، کە تیایـدا هـاتووە "گرێبەنـدی هاوسـەرگیری ناکرێت گـەر یەکێك لـە مەرجـەکانی هاوسـەرگیریو تەندروستی تێدا نەبێت".

د. ئازاد پێی وایە سەرکەوتنی ئـەو پرۆگرامـە بەتـەنها لەئەسـتۆی ئەوانـدا نیـە گـەر هۆشـیاری کۆمەڵگەشی لەگەڵدا نەبێت بۆ ئەم مەبەسـتەش بـە نیـازن لـەڕێی تویژانـەی کۆمـەڵ وەردەگرێـت وەك لـە پسـپۆڕێکی زانسـتی". هـاوڕا لەگـەڵ د. ئـازاد، ئـازاد جـەزای بەرپرسـی یەکـەی تالاسـیمیا لـە نەخۆشـخانەی گشـتی پێشـنیار دەکـاتو دەڵێت " ئـەم بابەتـە ببێتـە وانەیـەکی قۆنـاغی ئامـادەییو خوێندکاران چەند جارێك ببرێن بۆ سـەردانی ئـەو خـێزانو نەخۆشـانەی تالاسـیمیا بـۆ ئـەوەی لـە نزیکـەوە ئاکـامی ئـەو نەخۆشـیانە ببینـنو بەرجەسـتەی بکـەن". د. ئـازاد ئامـانجو پـەیامی ئـەم کلینکـە بـە پاراسـتنی خـێزانو کەمکردنـەوەی نەخۆشی تالاسیمیا ناودەبات. پێی وایە قورسایی زۆرێك لە نەخۆشیە بۆماوەییەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەکەوێتـە سـەر شـانی دایـك، ئاماژەشـی بـەو ناهۆشـیاریەی هەنـدێ پیـاوان دا کـە زۆرجـار ئاکـامی ئـەم نەخۆشـیانە دەخەنـە ئەسـتۆی ژنو ئـەو دەڵێـت "پیـاوان ژنەکانیان تاوانبار دەکەنو پێیان وایە ژنێکیـان هێنـاوە منـداڵی ناتـەواوو نەخۆشیان بۆ دەخاتەوە".

د. محەمـەد خـدر ژاژڵـەیی لێپرسـراوی یەکـەی تالاسـیمیا لـە نەخۆشـخانەی گشـتی سـلێمانی وتـی "ئـەم پشکنینانە یەکلایکەرەوە نیـنو ئێسـتا لـە وڵاتـە پێشکەوتووەکاندا دوو پشکنینی تر کـە لێکۆڵینـەوەی کرۆمۆسـۆمو پشکنینی ترشی ئەمینی DNAیە، پشتی پێدەبەسترێت، بـەڵام هێشـتا نەگەشـتۆتە لای ئێمـە". نـاوبراو ئامـاژەی بـە زیـادبوونی ڕێـژەی تالاسیمیا کرد لە کوردستانداو وتی "پارسـاڵ ڕێـژەی ئـەو خێزانانـەی منـداڵی نەخۆشـی تالاسـیمیایان هـەبوو ٦٠٠-٦٥٠ بـوون، بـەڵام ئەمساڵ بەهۆی ئەو لێشاوە زۆرەی ڕەوکـردن لـە خـوارو ناوەڕاسـتی عێراقەوە بۆ کوردستان ئـەم ڕێژەیە بووەتـە نزیکـەی ١٠٠٠ خـێزان". ناوبراو ئـەو ڕاستیەشی درکاند کە چارەسـەری ئـەم نەخۆشـیە بـە چانـدنی مۆخـی سـووری ئێسـك دەبێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا کەسـەکە نەخۆشـیەکە ناپـەڕێنێت، بـەڵام تێچوونەکـەی ئەوەنـدە گرانـە لـە دەسـەڵاتی هیـچ خێزانێکـی کوردستاندا نیە ئەنجامی بدات.

کـەمال ڕەشـیدی دادوەر بـۆ گشـتگیرکردنی ئـەم پشـکنینانەو جێگیرکردنـی دەسـەڵاتی یاسـا لـەم بارەیەوە پێشنیار دەکات کە "دەبێت سەرەتا ئـەو لیژنەیـەی بـۆ ڕێگرتـن لـە هاوسـەرگیری دەرەکـی دانـراوە کاریگەرو بەتوانا بکرێت بۆ ئـەوەی هاوسـەرگیری لـە دەرەوەی دادگـا ئـەنجام نـەدرێت" هـەروەها وتیشـی " زۆر لـەو هاوسـەرگیریە دەرەکیانـە دوای دروستکردنی چەند منداڵێك، دێـن بـۆ داواکردنـی گرێبەنـدو تۆمـارکردنی منداڵەکانیانو ناکرێت گرێبەنـدی هاوسـەرگیریەکانیان هەڵوەشێنرێتەوە".

د. ئـازاد "هـەنـدێ پـیـاو ژنـەکـانـیـان تـاوانـبـار دەکـەنو پـێـیـان وایـە ژنـێـکـیـان هـێـنـاوە مـنـداڵـی نـاتـەواو نـەخـۆشـیـان بـۆ دەخـاتـەوە".

ڕێکخراوەکـانی ژنـانو پیـاوانی ئـاینیو هەنـدێ کەسـایەتی لـە دەســـەڵاتدا هەڵمـــەتێکی هۆشـیارکردنەوە ئـەنجام بـدەن "کۆمەڵگـەی ئێمـە زیـاتر قسـە لـەم

گیا دەرمانی

پرتەقاڵ

ئا/ فەرزانە عەلی

ڤیتامینەکان: C,B2,B1,B

تایبەتمەندییە دەرمانیەکان:

١- گەر لەکاتی خەوتندا ٢ کیلۆ پرتـەقاڵی شـیرین بخورێـت قەبـز بوون چارەسەر دەکات.

٢- گـەر ئـاوی پرتـەقاڵ بخورێتـەوە، کـەم بوونـەوەی ڤیتـامین Cچارەسـەر دەکـات، تینویـەتی دەشـکێنێتو سـینگ نەرم دەکات.

٣- هـەموو ڕۆژێـك ٢ - ٣ لیتـر ئـاوی پرتـەقاڵ بخورێتـەوە، میـز زۆر دەکـات، خـوێن دەپاڵێوێـت، بـەردی نێـو زراو لـە نـاو دەبـات، ئـارەزوی خـواردن زیـادو گـەدە بەهێز دەکات، هێور کەرەوەیە، دژە ڤایرۆسو شێرپەنجەیە.

٤- گـەر پرتـەقاڵ لـە گـەڵ خوێدا بخورێت کرمەکانی نێو ریخۆڵە لە ناو دەبات.

٥- گـەر دەنکـی پرتـەقاڵ (ناوکەکـەی) سـوربکرێتەوە و بخورێت وروژێنەرە.

٦- گەر کوتراوی ناوکی پرتەقاڵ بماڵرێت بە سەر پێستی روخساردا چرچو لۆچی روخسار چارەسەر دەکات.

٧- گەر ڕۆژانە توێکڵی تازەی پرتـەقاڵ بماڵرێـت بەسـەر روخساردا پەڵە رەشو قاوەییەکانی سەر روخسار لە ناو دەبات.

٨- چرۆی پرتەقاڵ لە نێو ئاودا بکوڵێنرێـت بخورێتـەوە، دڵـە راوکێو نیگەرانی لە ناو دەبات، دژە رەشـانەویە، مـرۆڤ هێـور دەکاتـەوەو کـاری هـەرس باشـتر دەکات.

ڕێوان
خاوەنی ئیمتیاز
روناک رەئوف
سەرنووسەر
روناک فەرەج
جێگری سەرنووسەر
هانا شوان
نەخشەساز
سەیران ئەمین ئەحمەد
ناونیشان:سلێمانی -کارێزە وشک بەرامبەر پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان
ژ.ت: ٣١٢٤٢٨٧– ٣١٣٣٠١٥
www.rewan.org
Email: rewankurd@yahoo.com